فڕۆکە ئەمریکی و ئیسرائیلییەکان زنجیرەیەک هێرشی ئاسمانیان بۆ سەر یەمەن ئەنجامدرا

گروپی حوسییەکان ڕایگەیاند، زنجیرەکە هێرش لە لایەن فڕۆکە ئەمریکی، ئیسرائیلی و بریتانییەکانەوە بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی سەنعای پایتەختی یەمەن و پارێزگاکانی عەمران و حودەیدەیان ئەنجامدراون، سوپای ئیسرائیلیش دەڵێت، "ئامانجە سەربازییەکانی حوسییەکانمان لە ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی یەمەن بەردوومان کردوە".

میدیاکانی سەر بە گروپی حوسییەکان، ئەوە هەینی بەیانکردوە، زنجیرەیەک هێرشی ئاسمانی بۆ سەر شوێنە جیاوازەکانی سەنعای پایتەختی یەمەن و پارێزگاکانی عەمران و حودەیدەیان ئەنجامدراون.

ئاماژەی بۆشکرد، "هێرشەکان بۆ هاوبەشی لە لایەن فڕۆکە ئەمریکی، ئیسرائیلی و بریتانییەکانەوە ئەنجامدراون، ژمارەیەک ناوچەی گرنگی ستراتیژییان بە ئامانج گرتوە، لەوانەش شوێنە سەربازی و مەدەنییەکان، جگە لە دۆروبەری بەندەری حودەیدە".

بگوڕەی میدیاکانی حوسییەکان، "نزیکەی 30 هێرش بۆ سەر دامەزراوە سەربازی و مەدەنییەکان

ئەنجامدراون، کە پەدەچێت کێگاکانی چەک لە سەنعای تەدابێت، جگە لە ناوچەکانی نیشتەجێبوی لە پەراوێزی پایتەختن.

ئەوەشی خستەڕو، هێرشەکان دەورووبەری بەندەری هاس عیسا و دامێزراوەکانی نزیک بەندەری حودەیدەشی بە ئامانج گرتووە، کە خوێنهێنەری گرنگە بۆ دابینکردنی خۆراک و سوتەمەنی بۆ یەمەن.
سەرچاوە حوسییەکان ژمارەی وردی زیانەکانی مرۆڤیان ڕانەگەیاندوە، بەڵام ئاماژەیان بە زیانەکی ماددی بەرچاو کردوە.

لای خۆیەوە سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند، ئامانجە سەربازییەکانی حوسییەکانیان لە ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی یەمەن بەردومان کردوە.
کەمپانیای پێخشی ئیسرائیلیش دەڵێت، "ئیسرائیل بەشداریی لە هێرشەکانی ئەمریکا و بریتانیا بۆ سەر یەمەن کردوە".

ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی ڕایگەیاند، هێرشەکان هاوکات بوە لەگەڵ گەیشتنی جەماوەرێکی زۆر بۆ گەڕپانی سابین بۆ بەشداریکردن لە خێپیشاندانەکانی "پشتیوانی لە غەززە".